- گۆڕینی تێبینەرایەتی تۆماركردنی خانووبەرەی زاخۆ بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆماركردنی خانووبەرەی زاخۆ .

**بەیانی ژمارە ( 9 )ی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (9) بڕگە (2) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (13)ی ساڵی 2007 بڕیارماندا بە :-

- گۆڕینی ناوی تێبینەرایەتی تۆماركردنی خانووبەرەی پیرمام بۆ تێبینەرایەتی تۆماركردنی خانووبەرەی سەلاحەددین .

**سنان چلبی**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی پەروەردە**

**بەیانی ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (3)ی ماددەی (22)ی یاسای هەمواركراوی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4) لە ساڵی 1992 و لە پێناو بەرژەوەندی كار وە لە سەر داوای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاكانی هەولێر/دهۆك/سلێمانی/ گەرمیان بڕیارماندا بە:-

1-كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ( گرێ بەستە گشتی یەكان و كاروباری یاسایی ) لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی یە گشتی یەكانی سەرەوە لە جیاتی بەشی/ گرێ بەستە گشتی یەكان و كاروباری یاسایی و بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو لە دوو هۆبە پێك دێت كە (هۆبەی گرێ بەستە گشتی یەكان) و (هۆبەی كاروباری یاسایی) .

2-كردنەوەی هۆبەی كاروباری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاكان كە سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاكانی سەرەوەن وەك ئەوەی لە پەیكەری رێكخستن هاتووە لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری پەروەردە**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە ( 6 )ی ساڵی 2014**

پاڵپشت بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (14489 لە 2014/7/2) بریارماندا بە :-

- پەسەندکردنی حەرەمی نویّ ی گوندی ( کانی شێخ )سەر بە قەزای هەڵەبجە/ ناحیەی سیروان و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری (12,00, 14) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (1/244) لە کەرتی 12/دەلیّن بە پێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن .
- ئەم بەیانە کاری پیّ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە 2014/9/8 .

**بەیانی ژمارە (7)ی ساڵی** 2014

پاڵپشت بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (14570 لە 2014/7/2) بریارماندا بە :-

- پەسەندکردنی حەرەمی نویّ ی گوندی (کەوتە) سەر بە قەزای هەڵەبجە/ ناحیەی سیروان و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری (20) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (123) لە کەرتی 30/گوندەوسەراو) بە پیّ ی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن .
- ئەم بەیانە کاری پیّ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە 2014/9/8 .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (8)ی ساڵی** 2014

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی حەوتەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (12)ی ساڵی 2007 وە ، بڕیارماندا بە : -

- هێنانە کایەی (استحداث)ی هۆبەی (سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی) سەر بە بەرێوبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی لە بەرێوەبەرایەتیە کەیان.
- ئەم بەیانە کاری پیّ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە 2014/9/7 .

**محمد قادر محمد**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە** 7831 **لە** 2014/9/30